# بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراق

**ئامادەکردنی ڕێنوار جبار**
renwar_jabar2@yahoo.com

(6)

## 16ی مارت شوراکان لەسلێمانی،خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە ڕێکدەخەن

ئەمڕۆ، یادی کیمیابارانی هەڵەبجەیە، شوراکان لەشاری سلێمانی دووڕۆژە خۆیان بۆ یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە ئامادە دەکەن، لەئاستی سەرتاسەریدا بنکەی "دەستەی بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی شورایی" پڕبووە لە هەڵسوڕاوانو هەریەکێ کارێکی پێ سپێردراوە، بەشێك بۆئامادەکردنی دروشمو لافیتەکانی شوراکان، بەشێك بۆ ئامادەکردنی پۆستەری شوراکان، هەروەها بەشێك بۆ ئامادەکردنی بەیاننامەی "مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان" وباقی ووتارەکانی نوێنەرانی سەراسەریو محەلی شوراکان، وەبەشێکیش مەسئولیەتی سەرپەرشتی ئامادەکردنی ڕێپێوانی شوراکان لەکارگەو گەڕەکەکانو شوێنەکانی تری پێسپێردراوە، ڕۆژی 15ی مانگ زۆربەی کارەکان لەوانە لافیتەو دروشمو پۆستەرەکانو جەماوەری ڕێکخراوی دەوری شوراکان، هەروەها دەیان کەسیش لە هێزی چەکداری شوراکان تا ئاسایشی ڕێپێوانی شوراکانو کۆبوونەوەکەو هەروەها وەزعی شار بپارێزن، ئامادە بوون، شەویش بۆ ڕێکخستنی کارەکان هەڵسوڕاوان لەبنکەی "دەستەی بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شورایی" مانەوە.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەسەعات 9 ی بەیانییەوە مەیدانی سەرای شاری سلێمانی کەدەکەوێتە ناوەندی شارو لەدوای ئەم کۆبوونەوەیە شوراکان ناویان نا مەیدانی "دەنگی ئازادی"، ئامادەیە بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەی جەماوەری گەورەی شوراکان، شورای کرێکارانی کارگەی جگەرەو ئەلبیسەو شورای کرێکارانی شارەوانیو نەخۆشخانەکان وە کرێکارانی زۆر ڕشتەیتر لەوانە کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆ وە ئەشغالو ئاوو کارەباو ڕێگاو بان هەروەها شورای گەڕەکەکان، لەوانە: گەڕەکی ئازادی، بەختیاری، خەبات، سەیوان، سەرکارێز، زەرگەتە، شەکرەکە، سەرچنار، شێخمحێدین، مەجید بەگ، هەوارەبەرزەو تووی‌مەلیك، سەرشەقام، هەریەك لەشوێنی خۆیەوە ڕۆژی پێشتر خۆی بۆ ئەم کۆبوونەوەیە ئامادەکردبوو. وەکرێکارانو خەڵکی گەڕەکی سازو ئامادەکردبوو بەڕێپێوانو لافتەی خۆیانەوە هەر یەکی لەشەقامێکەوە ڕژانە ناو مەیدانی دەنگی ئازادی، هەنگاوەکان گورجو ئاڵای سوورو لافیتە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شوراکان دەشەکێنەوە.

ئێستا مەیدانی ناوەڕاستی شار بەڕادەیەك قەرەباڵغ بووە جێگای کەسی تری تیا نابێتەوە، نزیکەی سەدهەزار کەس شەقامو سەربانو کۆڵانەکانی پڕکردووە، دەیان لافیتەش بەدیواری مەیدانەکەوەو بەدەستی کرێکارانو جەماوەرەوە بەرز ڕاگیراوەو داواکاریو دروشمی کرێکارانی لەسەرەو "مەیدانی دەنگی ئازادی" پێڕازاوەتەوە، دروشمی "گشت دەسەڵاتێك بۆ شوراکان"، "مـــەرگ بۆ نیزامی سەرمایەداری، بـــــژی سوسیالیزم"، " کرێکارانی جیـــهان یەکگرن!"، "ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری" ، "بژی نان، کار، ئازادی، حکومەتی‌شورایی"، "بژی قانونکاری کرێکاران"، "35 سەعات کارو دووڕۆژ پشوو لەهەفتەیەکدا" ،"چیتان ئەوێ کرێکاران، مەحکەمەی تاوانباران"، "چیتان ئەوێ کرێکاران، دەرکردنی مودیران"، "بژی یەکسانی ژنانو پیاوان"، هەروەها چەندین دروشم لەدژی حکومەتی دیکتاتۆری بەعسو لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالەکان....

دیمـــەنێك لەخرۆشـــانی جـــەماوەری بێوێنـــە، جـــەماوەری کرێکـــارانو زەحمەتکێشـــان، ژنـــانو لاوانو منـــاڵانو دەســـتفرۆشـــانو چـــەندین توێـــژیتر.... هـــەموویان بەشـــوێن بانگـــەوازێکی نـــوێدا هـــاتوونو لێـــرەدا کۆبوونەتـــەوە، بانگەوازێك جیاوازە لەبانگەوازەکانی پێشوو... ئەگەر جاران بۆ فلان سەرۆك عەشیرەتو شێخو فلان سەرکردەی

حیزبە بۆرژوازی‌یەکان خەڵك كۆدەبوونەوە، ئێستا بۆشوراکانی خۆیان، بۆ گوێگرتن لەڕابەرانی خۆیان، وەبۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کۆمەڵ لەلایەن خۆیانەوە، بەم ڕیزە بەرینەوە کۆبوونەتەوە.... کەبووە جێگای سەرسوڕمانو نیگەرانی حیزبەکانی "بەرەی کوردستانی" کە نوێنەرەکانیان لەو ناوە ئامادەبوون.

لەناوەندی مەیدانەکەدا جێگایەك تەرخان کرابوو بۆ نمایشێك لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە کەشورای سەیوانو سەرکارێز ئامادەیان کردبوو، ڕیزێك منداڵی زۆر (کەشورا لەگەڕەکەوە هێنابوونی) لەگەڵ ژمارەیەك ژنو پیاو، دەموچاویان ڕەشکردبوو، بەنمایشێك دەکەوتن بەسەریەکداو دەیانویست بڵێن حکومەتی دیکتاتۆری بەعس لەم ڕۆژەداو بەبەرچاوی جیهانەوە لەساڵی 1988دا گەورەترینو دڕندانەترین تاوانی خوڵقاند لەهەڵەبجە. پۆستەرو دروشمەکانیش لەم نمایشەدا بەدەست ژمارەیەك منداڵو ژنو پیاوەوە بەرز دەکرایەوە، کەتیایدا نووسرابوو، نا بۆ صدام حسێن، نابۆ دەسەڵاتی کیمیابارانی هەڵەبجە، بەڵێ بۆ شورا، وەوێنەی گەورەی صدام حسێن بەبۆیاخ خەتی ڕاستوچەپی پیادا هێنرابوو...

سەعات 10ی سەرلەبەیانی‌یەو تەواوی جەماوەری بەرینی شوراکان گەیشتوونەتە مەیدانی دەنگی ئازادیو لەملاوئەولای مەیدانەکە بڵندگۆ دانراوە، دەیان کامێرای تەلەفزیۆنیو فۆتۆگرافی وێنەی ئەم خرۆشانە جەماوەری‌یە دەگرن لەشوێنە بەرزەکانەوە،.... کۆبوونەوەکە دەستی پێکردو لەنێوان قسەکاندا بەدەنگی بەرز دروشمەکان دەوترێتەوە، کەهەر هەمان ئەو دروشمانەبوون کەلەسەر لافیتەکان نوسراوون ، نوێنەری "دەستەی بەرەو پێش‌بردنی بزووتنەوەی شورایی"،هەروەها نوێنەرانی سەرجەم شوراکانو ڕابەرانی ناسراوو خۆشەویستی کرێکارانو جەماوەر قسەیان کرد.

جەماوەری ئامادەبوو تێکڕا بەهوتاف کێشانو وتنەوەی دروشمەکان، کەلەنێوان قسەکان‌دا دەوترایەوە پشتیوانی خۆیان بۆ باسەکانو بۆ نوێنەرەکانیان ڕاگەیاند، وەلەسیمای هەموو لایەکدا خۆشحاڵی‌یەکی زۆر بەدی‌دەکرا، یەکەم جاربوو ئاوا ئازادانەو لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەری گەورەی خۆیان‌دا گوێ لەنوێنەرەکانیان‌وقسەکەرانی خۆیان دەگرنو ڕازوخواستەکانی خۆیان بەیان دەکەن.

لەم ڕۆژەدا لەلایەن "دەستەی بەرەوپێش‌بردنی بزووتنەوەی شورایی" یەوە "بەیاننامەی مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان" خوێندرایەوەو بەتێکڕای دەنگ جەماوەری ئامادە بوو قبوڵیان کرد.. هەروەها نوێنەری چەند لایەنێکی بەرەی کوردستانیش لەوێ بوون کەهەندێکیان قسەیان کرد، وەڕس بوونو بێتاقەتی بەقسەکانیانەوە دیاربوو، لەوانە مەلایەك کەنوێنەری ڕەوتێکی ئیسلامی‌بوو، هاتوشوراکان ڕێگایان پێ‌دا قسەبکات، ئەم مەلایە لەقسەو باسەکانیدا ویستی سەرنجی ئامادەبووان بۆ ئامانجو ئاسۆی ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان ڕابکێشێ، باسی دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی دەکرد بۆ کوردستانو عێراق، کرێکاران وزەحمەتکێشانو جەماوەری ئامادەبوو، بەهوتاف قسەکانیان بەم مەلایە بڕیو ڕێگایان نەدا زیاتر قسەبکاتو ناڕەزایی خۆیان بەدروشمی ئیسلامی‌یەکان ڕاگەیاند.. بەدوای‌دا بۆ وەڵامدانەوە بەقسەی ئەم مەلایە، ژنێك هات قسەی کرد، کە هەڵسوڕاوێکی شورای گەڕەکی بەختیاری بوو بەناوی "سوسن سلیم" لەقسەکانیدا وتی ئیسلام ڕەوتێکی کۆنەپەرستانەیەو پێچەوانەیە لەگەڵ ئاواتو ئارەزووەکانی کرێکارانو خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان، ئیسلامی‌یەکان دەیانەوێت کابووسی سەر سەری خەڵکی ئێران دووبارە بکەنەوە لەکوردستان، لەبەرامبەردا بەدەنگی بەرز بژی دەسەڵاتداریێتی شوراکانی وتەوە. جەماوەری بەرینی شوراکان بەدەنگی بەرزو چەپڵە لێدان پشتیوانی خۆیان بۆقسەکانی ئەم ژنەو شوراکان ڕاگەیاند، وەدروشمی "چیتان دەوێ کرێکاران، دەسەڵاتی شوراکان" وەدروشمی "بەدیهێنانی جیایی دین لەدەوڵەت" لەلایەن جەماوەرەوە چەند جار دووبارە کرایەوە. یەکێ لەکرێکاران، پیاوێکی بەتەمەنو ڕیش سپی، وەکونوێنەری شورای کرێکارانی شارەوانی، هاتو لەنۆبەی خۆیدا قسەی کرد، وەزعی کرێکارانی باس کرد، پاشان هاواری کرد:– "ئێمە دەبێ خۆمان ڕێکخراو بکەین لەشوراکانماندا، وەدەبێ یەك‌بگرین، نەك هەر کرێکارانی کوردستان بەڵکو کرێکارانی عێراقو گشت جیهان".... حەماسەتو هاواری کرێکارانی شارەوانی بۆ پشتیوانی لەنوێنەرەکەیان بەرزبۆوە، گشت جەماوەری ئامادەبوو، بەچەپڵە پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند. دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، خۆپیشاندانو کۆبوونەوەی

جەماوەری بەرینی خەڵکی شاری سلێمانی لەدەوری شوراکانو دروشمی شوراکان سەرکەوتووانە کۆتایی هات، کرێکارانو زەحمەتکێشان خۆشحاڵو پڕ عەزمو گڕوتین، پاش نمایشکردنی هێزی چینایەتی خۆیانوڕێزگرتن لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجە، بەرەو ماڵ گەڕانەوە، تا بۆهەنگاوەکانی تری کاری شوراکان خۆیان ئامادە بکەن.



نمایشی کیمیابارانی هەڵەبجە لەکاتی

میتینگی جەماوەری شوراکان لەسلێمانی- 1991/3/16



میتینگی جەماوەری گەورەی شوراکان لەشاری سلێمانی- 1991/3/16